## لە ساڵوەگەڕی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا

# خانمانی ڕۆژنامەنووس باسی ئەرک و ماف و کۆسپەکانی بەردەمیان دەکەن



**یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بە ناوی «کوردستان» لە ٢٢ی نیسانی ساڵی ١٨٩٨ لەسەر دەستی میقداد مەدحەت بەدرخان لە قاهیرەی پایتەختی میسر دەرچوو. ئەو داهێنانە وەرچەرخانێکی گەورەی ڕۆشنبیری دروست کردو، تا هەنووکەش بە بنەمایەکی گرینگ دادەنرێت بۆ ڕۆژنامەگەریی کوردی و ڕۆڵێکی مەزنیشی لە گەشەی هزری نەتەوەیی و ڕەوتی ڕووناکبیری و بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستاندا گێڕاوە. حکومەتی هەرێمی کوردستان لەژێر سێبەری حوکمڕانییەکی خۆماڵیدا بوارێکی بەرفراوانی بۆ ئازادیی ڕادەربڕین و کاری میدیایی ڕەخساندووە، ئافرەتانیش لەو بوارەدا ئەسپی خۆیان تاو داوە، بەڵام جەختیش لەوە دەکەنەوە کە کۆسپەکانی بەردەمیان کەم نین و پێگەی خۆیان پێ نەدراوە. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان وێڕای پیرۆزبایی و بەرزڕاگرتنی ساڵهاتی یادی ڕۆژنامەگەریی کوردی، باسی ئەرك و ماف و ئاستەنگەکانی بەردەم ئافرەتی میدیاکار لە کوردستاندا دەکەن.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

زۆربەی ئافرەتانی میدیاکار و ڕۆژنامەنووسی کوردستان ئاماژە بەوە دەکەن کە سەرەڕای هەموو ئەو کۆسپ و تەگەرانەی بەردەمیان، تەسلیمی بیرۆکەی نەریتسالاریی کۆمەڵگە نەبوون و سەلماندوویانە کە تواناکانیان لە توانای پیاوانی هاوپیشەیان کەمتر نییە، لە ئێستاشدا کۆمەڵێ ئافرەتی بەتوانا و بەئەزموون لەم گۆڕەپانەدا دەبیندرێن و لە پێشخستنی کاروانی ڕۆژنامەگەری کوردی جێپەنجەیان دیارەو بەپێی ئاماری سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانیش زیاتر لە ١٢٠٠ ئافرەت ناویان لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ناونیشانی جیاواز و لە بواری ڕۆژنامەگەری تۆمار کراوە.

نووسەر و ڕۆژنامەنووس و بەڕێوەبەری کتێبخانەی هەولێر (ناز فەلەکەدین کاکەیی)، وێڕای پیرۆزبایی و بەرزڕاگرتنی ساڵهاتی یادی ڕۆژنامەگەریی کوردی دەڵێت: «ئەوەی لە چەندین خولی نێودەوڵەتیی ڕۆژنامەگەری فێربووم، ئەم ئامۆژگارییە بووە: (ئەگەر بۆ وەرگرتنی هەواڵێك دەرگایان لە سەر قەپات کردی، لە پەنجەرەوە بڕۆ ژوورەوە). بۆیە ئافرەت، یان پیاو لەی بواری ڕۆژنامەگەری دەبێت بوێر و کارامە بن، زۆر جاریش ئافرەتانی سەرکەوتوو لەم بوارە لەگەڵ هەموو ڕێگا سەختەکانی بەردەمیان توانیویانە بیسەلمێنن کە ڕۆڵیان لە پیاوان ئەگەر زیاتر بێت، ئەوا کەمتر نەبووە.» گوتیشی: «هەرچەند ئێستا لە دونیای نوێی تەکنەلۆجیا و لەگەڵ هاژەهاژی پێشکەوتنی خێراین، بەڵام هێشتا هەڵبژاردنی کاری میدیایی و ڕاگەیاندن بۆ ڕەگەزی مێینە کارێکی لە کۆمەڵگەی نەریتیدا ئاسان نییە و ئەو بژارە کۆسپ و تەگەرەی بۆ دروست کردووە، چونکە ئافرەت لەو کۆمەڵگەیەدا تەنیا وەك چێشتلێنەر و قاپشۆر و بەخێوکەری منداڵ پێناسە دەکرێت.»

ناز فەلەکەدین کاکەیی ڕایوایە: «ئافرەت لە کەشوهەوای میدیایی و چالاکیی ڕۆژنامەگەری، ئازاری زۆر دەبینێت. چونکە کۆمەڵگەی نەریتسالاری یان پیاوسالاری هەم لە چوارچێوەی ماڵ و خێزان و هەم لە بواری کارکردنی ئافرەت لە دەرەوەی ماڵ ئافرەت دەچەوسێنێتەوە و مافە سادەکانی پێ ڕەوا نابینێت، بۆیە زۆرێك لە تواناکانی بەفیڕۆ دەڕوات و نادیدەی دەگرن.» هاوکات دەڵێت : «زۆر بە دەگمەن دەبیندرێت، ئافرەتانی میدیاکار لەلایەن کەسوکار و ئەندامانی خێزانەوە پشتیوانی بکرێن، خۆ ئەگەر پشتیوانیش بکرێن، لەو دیوی حەساری ماڵەوە، ڕەگەزی نێرینە زۆر جار کێشە و ئاستەنگیان بۆ دروست دەکەن. واتە زۆر پێویستە لە دنیای دەرەوەی چواردیواریی ماڵ، دەرفەتی کار بۆ ئافرەت



**هەڵبژاردنی کاری میدیایی و ڕاگەیاندن بۆ ڕەگەزی مێینە کارێکی لە کۆمەڵگەی نەریتیدا ئاسان نییە و ئەو بژارە کۆسپ و تەگەرەی بۆ دروست کردووە، چونکە ئافرەت لەو کۆمەڵگەیەدا تەنیا وەک چێشتلێنەر و قاپشۆر و بەخێوکەری منداڵ پێناسە دەکرێت**

**کۆمەڵگەی نەریتسالاری یان پیاوسالاری هەم لە چوارچێوەی ماڵ و خێزان و هەم لە بواری کارکردنی ئافرەت لە دەرەوەی ماڵ ئافرەت دەچەوسێنێتەوە و مافە سادەکانی پێ ڕەوا نابینێت، بۆیە زۆرێک لە تواناکانی بەفیڕۆ دەڕوات و نادیدەی دەگرن**

**پیاوانی سیاسی و ڕۆشنبیری ئێمە ژمارەیەکی زۆریان بڕوایەکی بەهێزیان بە هزر و ڕا و بیر و ئیرادەی ئافرەت نییە، تەنانەت هەندێکیان ئەگەر هەست بە کێماسیی خۆیان بەرامبەر بە خانمێکی کارامە و بەتوانا بکەن، شەڕی هەمەجۆری لەگەڵ دەکەن**

بڕەخسێت و سەیوانێك لە ئەمنییەت و ئاسایشی بۆ دەستەبەر بکرێت، هەتا بتوانێت کارامەیی و تواناکانی بەگەڕ بخات.» گوتیشی: «نەبوونی ئاسانکاری و جێبەجێنەکردنی گەرەنتی و یاسایەك بۆ بەرگریکردن لە مافەکانی ئافرەت لە بواری ڕۆژنامەگەری و کاری میدیایی و.. هتد، ژیانی بۆ ڕەگەزی مێینە سەختتر کردووە، بەتایبەتی لە کۆمەڵگەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناویندا کە ساڵانە چەندین ژنی میدیاکار دەکوژرێن، یان سووکایەتییان پێ دەکرێت و هەڕەشەیان لێ دەکەن. بۆیە زۆر پێویستە گرینگی بدرێت بە تێکۆشانی بێوچانی خانمان لەم بوارە و بیمەبکرێن و گەرەنتیی ژیانیان بۆ دابین بکرێت.»

د. نەزاکەت حوسێن حەمەسەعید، وەك پسپۆڕێکی کاری میدیایی ئاماژە بەوە دەکات کە «دیاریکردنی ئەرك بۆ هەر تاکێك لە کۆمەڵگەدا کە پیشەیەك ئەنجام بدات، پێویستە سیستمی حوکمڕانی و ئیداریی ئەو وڵاتە بۆی دیاری بکات، ئیتر بە یاسا بێت، یان ئیتیکی ئەرکە پیشەییەکان بێت.» هاوکات دەڵێت: «ئێمە پێویستە لە هەر باسکردنێکی ئەرکی ڕۆژنامەنووس لەم هەرێمەدا ئەوە بێنینەوەیاد کە تا ئێستا کاری ڕۆژنامەنووسی بە یاسا وەك پیشە نەناسێندراوە، ئەمە وادەکات جێبەجێکردنی ئەرك بۆ ڕۆژنامەنووس ببێتە کاری خودی ڕۆژنامەنووسەکە، یان ئەو دەزگایەی کە کاری تێدا دەکات، کە بۆی دیاری دەکات، کە بەپێی پێویستی و پەیام و ئەجندای دەزگاکە چی دەوێت، ڕۆژنامەنووسەکە دەبێت جێبەجێی بکات. ئەمە ڕەنگە لە ڕوانگەی هەر دەزگایەك کە ئەرکێك بە ڕۆژنامەنووسەکەی دەسپێرێت، خزمەت بکات بە دەزگاکە، بەڵام ئەگەر لە ڕوانگەی نیشتمانییەوە سەیری بکەین، دەبینین ئەرکەکان شپرز و پارچە پارچەن و ناڕژێنە خزمەتی هیچ گوتار و پڕۆژەیەکی نیشتمانی کە خزمەت بە نیشتمان و نەتەوە و هاووڵاتیان بکات، لە ڕووە کولتووری، فەرهەنگی، پەروەردەیی و... هتد». گوتیشی: «ژن وەك ڕۆژنامەنووسێك لەو ژینگە ناڕێکخراوەی کارەکەی وەك پیشە، جگە لەوەی بەشێکی زۆری مافەکانی بە یاسا پارێزراو نین، ڕووبەڕووی سەختیی زۆرتر دەبنەوە. بێگومان ژن مێژوویەکە خەریکە و و هێشتا زۆریشی ماوە هەتا بتوانێت کار لەسەر ڕۆئیای کۆمەڵگەی نەریتی بکات، هەتا کارەکەی وەك ڕۆژنامەنووسێك قبووڵ بکات و بە چاوی ڕێزیشەوە سەیری بکات، لەو پێناوەشدا چەندین ژنی ڕۆژنامەنووس قوربانییان داوە. واتە سەرباری ئەرکە ڕۆژنامەنووسییەکانی وەك پیاوێك، ئەو هێشتا شەڕی ناسنامە و بوونەکەی خۆی وەك ڕۆژنامەنووسێك دەکات. بۆیە بە بڕوای من ئەرکی سەرەکیی ژن وەك ڕۆژنامەنووس جاری هەر ئەو تەحەدایەتی بۆ کارکردن لەسەر ڕوئیا و مینتاڵیتی، نەك تەنیا ئەوەندە بەس بێت ڕێگە بدەن ڕۆژنامەنووس بێت، بەڵکو دەبێت کار بۆ ئەوەش بکات کە ڕۆژنامەنووسێکی کاریگەر و خاوەن پێگە بێت لە هەموو پێگە ئیداری و مەعریفییەکانی ناو دەزگا و دامەزراوە ڕاگەیاندنەکاندا و وەك مرۆڤێك کە خاوەن ئایدیا و توانایە سەیر بکرێت، نەك وەك کائینێکی جوان کە تەنیا شاشەی پێ بڕازێندریتەوە، یان تێڕوانینێکی سێکسییانەی بۆ بکرێت.» بەربەستەکانی بەردەم خانمانی میدیاکاریشی لەم چەند خاڵەدا دەستنیشان کرد:

١- کولتوور و ڕۆئیای کۆمەڵگە کە هێشتا بە شێوەیەکی نامۆ دەڕوانێتە کاری ڕۆژنامەگەریی ئافرەت و خێزانەکانی ئێمە هێشتا کاری ڕۆژنامەنووسی بە بۆ کچ، یان هاوسەریان بە پیشە نازانن.

٢- سیستم و یاسا، ماف و ئەرکی ڕۆژنامەنووسی بەگشتی وەك پیشە ڕێکنەخستووە، بەتایبەتی بۆ ژنان کە هەندێك حاڵەتی تایبەتی هەیە، وەك مۆڵەتی دایکایەتی، کە پێویستە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە ڕەچاوکردنی بارودۆخەکەی هاوکاری بن.

٣ -مەزاجی مامەڵەکردن لەگەڵی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن، بەپێی توێژینەوەیەك کە خوێندکارێك ئەنجامی داوە، دیاردەی تەحەروش و بێزارکردن و ئیستیغلالکردنی کچە ڕۆژنامەنووسەکان لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەبەرامبەر ئەو هاوکارییانەی دەکرێن، ڕێژەیەکی بەرزی هەیە و ئەوەش هەڕەشە لە بەرەوپێشچوونی کاری میدیایی خانمان دەکات.

٤- جیاکاری لە پێگە و ڕۆڵپێدانی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن.

٥ - ڕانەگرتنی بەڵانس لە نێوان ئەرکە نەریتییە کۆمەڵایەتییەکەی و کارە ڕۆژنامەنووسییەکەی. ئەڵبەتە بەربەستی دیکە زۆرن، بەڵام بە ڕای من ئەمانە بەربەستە سەرەکییەکانن.»

سەرفراز نەقشبەندی، یەکەم سەرنووسەری خانم بووە لە باشووری کوردستان و سەبارەت بە کۆسپەکانی بەردەم ئافرەتانی میدیاکار دەڵێت: «لەم هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و سیاسییەی کوردستاندا، پیاوانی سیاسی و ڕۆشنبیری ئێمە ژمارەیەکی زۆریان بڕوایەکی بەهێزیان بە هزر و ڕا و بیر و ئیرادەی ژن نییە، تەنانەت هەندێکیان هەست بە کێماسیی خۆیان بەرامبەر بە ژنی کارامە و بەتوانا دەکەن، ئەگەر ژنێکیش لە خۆیان بە ڕووناکبیرتر ببینن، شەڕی هەمەجۆری لەگەڵ دەکەن، کارەساتەکەش بە تەنێ ئەوە نییە، بەڵکو کارەساتی قورستر ئەوەیە کە ژنان لە ناو خۆیانیش پتر بڕوایان بە کارامەیی و کاری



پیاوان هەیە».

ڕۆژنامەنووس ژیلا کەریمی، وێڕای پیرۆزبایی و بەرزڕاگرتنی ساڵیادی ڕۆژنامەگەریی کوردی، سڵاوێکی گەرم و دروودێکی بێ پایان بۆ گیانی (میقداد مەدحەت بەدرخان) وەك دانەری بەردی بناغەی ڕۆژنامەگەریی کوردی دەنێرێت، سەبارەت بە تەوەری ڕاپۆرتەکەش دەڵێت: «یەکەم هەنگاوی گەیشتن بە هەر ئامانجێك، تێگەیشتن و شیکردنەوەی دروستی بابەتەکەیە، واتا ئافرەتان وەك یەکەم هەنگاو پێویستە خوێندنەوەیەکی زانستییان بۆ مافەکانیان هەبێت و بە بوێرییەوە لەگەڵ کولتوور و فەرهەنگی کوردستان بیگونجێنن. بۆ ئەم کارە پێویستە ئافرەتانە بیر بکەیتەوە و بە باوەڕ و بڕواوە بێیتە مەیدانەکە. ڕاگەیاندن وەك دەسەڵاتی چوارەم بێ شك دەتوانێت باشترین ڕێگەی گەیاندن بێت و قەڵەمێکی بوێرانە دەتوانێت لەو بابەتەدا زۆر گرێکوێرە بکاتەوە، هەڵبەت ئەگەر ئافرەتان هەوڵ بدەن خۆیانیش بە هاوکاریی پیاوان ڕێگەچارەی کێشەکان و هۆکارەکانی بدۆزنەوە و بە خستنەڕووی بابەتەکە چاوی خەڵك بە رووی کێشەکەدا بکەنەوە. لە قۆناغی دووەم چارەسەر لای کەسانی ئەکادیمییە و پێویستە هەنگاوەکان بە وردی و سەرنجەوە بنرێن.» گوتیشی: «کۆسپەکانی بەردەم ئەم کارە کاتێك زەق دەبنەوە کە ئافرەتان وا بزانن شیکردنەوە و چارەسەر تەنیا بەوان دەکرێت و هەوڵ نەدەن پیاوان وەك لایەنێکی بابەتەکە ببینن. ئافرەتانی ڕۆژنامەنووس دەبێت بۆ هەر کێشەیەك و بەتایبەت کێشەی ئافرەتان هەموو کۆمەڵگە بێننە سەر خەت و وەك کێشەیەکی تایبەت بە خۆیان نەیبینن. بێگومان پیاوێك کە باوەڕی بە یەکسانیی ڕەگەزی هەیە، زۆر دڵسۆزتر دەبێت لەو ئافرەتەی کە بە بیری پیاوسالاری گۆش کراوە، یان بە هۆی بیرێکی تەسکی نەریتییەوە زۆر شت بە ئافرەت ڕەوا نابینێت. کەوایە پێویستە ئافرەتانی ڕۆژنامەنووس زۆر بەرپرسیارانەتر مامەڵە لەگەڵ بابەتی مافەکانی ئافرەت بکەن، چونکە کۆمەڵگەی ئێمە لە چەندین لاوە لە گەمارۆدایە، وەك: کولتووری نامۆ، جوگرافیا و خاکی داگیرکراومان، هاوردەکردنی نەریتی بیانی و توندڕۆیی ئایینی و.. هتد، بۆیە زۆر پێویستە و ئەرکی قەڵەمی نەترسی ئافرەتە کە ئەم گەمارۆیانە بشکێنێت.»

هاوژین عومەر، هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە لە ئەدەب و ڕۆژنامەگەری، سەبارەت بە هەمان پرس ڕایوایە «میدیای کوردی لەبەر ئەوەی هەر لەسەرەتاوە بەشێوەیەکی ئەماتۆرییانەی ناپیشەگەر لەدایك بووە، بۆیە بەدەست کۆمەڵێك قەیران و کێشەوە دەناڵێنێ، بەشێکی زۆری ئەو کێشانەی کێشەی بونیەوین، زۆربەڕوونی لە مەسەلەکانی تێگەیشتن لە وەزیفەی ڕۆژنامەنووس لە کۆمەڵگە، و پەیڕەوکردنی بنەما ئیتیکییەکانی پیشەی ڕاگەیاندن، و ئەدای دەزگا ڕۆژنامەنووسییەکان بەرامبەر بە پرسە جیاجیاکانی کۆمەڵگە دەبیندرێت، هەر بۆیە بەشێك لە فاکتەرەکانی کەمی ژمارەی خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەرانی ئافرەت بۆ ئەو کێشانە دەگەڕێتەوە، لە هەمان کاتدا فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەت ڕێگریکردن لە ژنان لە مومارەسەکردنی کاری ئیعلامی و نەزرەی نادروستی کۆمەڵگە بەرامبەر ئەو ژنانەی لەو بوارە کاردەکەن هۆکاری بنەڕەتی ئەو حاڵەتەن». گوتیشی «زۆرینەی کۆمەڵگەیەك کە لای ئاسایی نەبێ ژنانی وەك هەر قوتابیەك زانستییانە لە بەشە جیاجیاکانی ڕۆژنامەگەری لە پەیمانگە و کۆلێژەکان ڕۆژنامەگەری بخوێنێ، حەتمەن ڕێگری دەکات لە پڕاکتیزەکردنی ئەم پیشەیە لەلایەن مێینەکانی.لەڕووی چەندایەتی و ژمارەوە ڕێژەی ئافرەتانی میدیاکار بە بەراورد لەگەڵ پیاوان ڕێژەیەکی نابەرامبەرە، دەکرێ بڵێم ڕێژەکە هێندە لێکدوورە جێگەی بەراوردکردن نییە، بۆیە لەم سۆنگەیەوە ئاساییە کە ڕێژەی بەرپرسیارییەتیشیان لە دەزگا ڕۆژنامەوانییەکان کەم بێ».

هاوژین هۆکارێکی دیکەی ئەو حاڵەتەی بۆ شێوەی بیرکردنەوەی دەزگا ڕۆژنامەوانییەکان بەتایبەتی بەڕێوەبەر و بەرپرسی ئەو دەزگایانە گەڕاندەوە و گوتی: «ئافرەت وەك دیکۆر و جوانکاری دەزگاکانیان بەکاردەخەن، بێئەوەی ڕێگەبدەن پشکداری جەوهەرییان لە بەڕێوەبردنی ئەو دەزگایانە هەبێ، یان تەیار و ئامادەیان بکەن تا لە داهاتوودا ڕۆڵی کەسی یەکەم لە دەزگاکان بگێڕن، لەهەمان کاتدا دەبێ ئەوەش بڵێین کە بەشێکیش لە فاکتەرەکانی ئەم حاڵەتە بۆ خودی ئافرەتانیش دەگەڕێتەوە،چونکە بەشێکی زۆریان هەوڵی خۆتەیارکردن و قووڵکردنەوەی تواناکانیان نادەن و وەك میوان لەو دەزگایانە هەڵسوکەوت دەکەن».

**زۆر بە دەگمەن دەبیندرێت، ئافرەتانی میدیاکار لە لایان کەسوکار و ئەندامانی خێزانەوە ساپۆرت بکرێن، خۆ ئەگەر ساپۆرتیش بکرێن، لەو دیوی حەساری ماڵەوە، ڕەگەزی نێرینە زۆر جار کێشە و ئاستەنگیان بۆ دروست دەکەن**

**زۆر پێویستە لە دونیای دەرەوەی چواردیواریی ماڵ، دەرفەتی کار بۆ ئافرەت بڕەخسێت و سەیوانێک لە ئەمنییەت و ئاسایشی بۆ دەستەبەر بکرێت، هەتا بتوانێت کارامەیی و تواناکانی بەگەڕ بخات**

**تا ئێستا کاری ڕۆژنامەنووسی بە یاسا وەک پیشە نەناسێندراوە، ئەمە وادەکات جێبەجێکردنی ئەرک بۆ ڕۆژنامەنووس ببێتە کاری خودی ڕۆژنامەنووسەکە، یان ئەو دەزگایەی کە کاری تێدا دەکات، کە بۆی دیاری دەکات**